# لەگەشەی دیموکراسییەوە بۆ هەڕەشە لەخەڵکی کەلار!

## سەبارەت بەدیداری جەلال تاڵەبانی لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئاسۆ)

### محەمەد غەفور

ڕۆژنامەی (ئاسۆ) لەژمارەی2005-9-25یدا دیدارێکی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سازداوە دەربارەی سەفەرەکەی بۆ ئەمریکا. وەك ڕۆژنامەکە دەڵێت، دیدارەکە ئەم تەوەرانەی گرتۆتەوە، ئاکامی سەفەرەکەی ورەوشی بەشداریکردنی کورد لەحکومەتی عێراق و بارودۆخی کوردستان و مەسەلەی کەرکوك وئەو مافانەی بۆ کورد لەڕەشنووسی دەستووردا گوایا چەسپێنراون، لەگەڵ ئاییندەی سیاسی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەستوورەدا. بێگومان سەرتاپێی ئەم دیدارە وراگەیاندنەکانی دەبێت بکەوێتە ژێر ڕەخنەی توندی خەڵکی کوردستان، ولەپێشیانەوە کۆمۆنیستەکان وئازادیخوازان ولایەنگرانی چارەسەری عادیلانەی کێشەی کوردەوە. تەواوی قسەکانی تاڵەبانی سەبارەت بەمەسەلەی کورد وکەرکوك وئاییندەی خەڵکی کوردستان، هیچ شتێکی نوێی تیادا نییە جگەلە بالۆرەکانی ڕابردوویان. تاڵەبانی وبارزانی وحیزبەکانیان خۆیانکردۆتە دەمڕاستی خەڵکی کوردستان و، وەك خۆیان بێپەردە دەیڵێن، بڕیاریان لێداوە ومەسەلەی کوردیان تاڵانفرۆشکردووە. ئەوان دەرفەتێکی ئاڵتوونیی کەبۆ سەربەخۆیی ورزگاری خەڵکی کوردستان پێشهاتبوو، فرۆشتیان بەکۆمەڵێك ئیمتیازات بۆ خۆیان وحیزبەکانیان بەئەمریکا، وە لەپێناوی ڕاستکردنەوەی لاسەنگی وشکستی سیاسەتەکانی ئەمریکادا لەعێراق_کەبێگومان لەئێستادا چارەنووسی ناسیونالیزمی کوردیشی پێوەبەستراوە- کوردستانیان ئیلحاقکردەوە بەعێراقەوە، وە دەستیان خستە ناو دەستی ئیسلامی سیاسییەوە. بەهەموو توانایانەوە هێزیان خستۆتەکار بۆ پەلکێشکردنی خەڵکی کوردستانیش بۆ پشتی ڕەشنووشی دەستوور. وەبەم شێوەیەش ئاگریان خۆشکردووە بۆ نیزاعێکی کۆنەپەرستانەی قەومی وتائیفی هەتا لەجێگای ناسنامەی هاووڵاتیبوون ناسنامەی درۆیینەی قەومی وتائیفی بکەن بەبەری خەڵکی عیراق وکوردستاندا. گوایا مافی ئەم قەوم وتائیفە ودەستەجاتانە لەناو دەستووردا لەسیناریۆی هەڵبژاردنێکی گاڵتەجاڕی دیکەدا بەوەرگرتنی پەنجەمۆری خەڵکی عێراق جێگیردەکەن. بەمجۆرە تاڵەبانی وناسیونالیزمی کورد بەناوی دیموکراتی وفیدراڵییەوە، لەهاوشانی کۆنەپەرسترین دارودەستەی ئیسلامیدا خەریکن ئەم دەستوورە قەومی-ئیسلامییە فاشیانەیە بسەپێنن بەسەر خەڵکی عیراقدا. ئەمە بەشێکی سەرەکی ئەو هەڵلایەی تاڵەبانییە کە بۆ گەشەکردنی دیموکراسی لەعێراق لێیدەدات. بەڵام مانای سیاسی وبەکردەوەی سەفەری تاڵەبانی بەتایبەت دوای ئەوەی ئیبراهیم جەعفەری سەفەرەکەی ڕەتکردەوە، وەلەجێگای سەفەری ئەمریکای جەعفەریش سەردانی ڕەسمی بۆ ئێران کرد، پاڵپێوەنانی کۆمەڵگای داغانی عێراقە بۆ ناو گێژاوی جەنگێکی سەرتاسەری وتەواو عەیاری ناوخۆ کەهەرئێستا بەردەوامە لەژێرناوی یەکێتی ئارەزوومەندانە وفیدراڵیدا. ئەگەر بۆیان بچێتەسەر سیناریۆی ڕاپرسی لەسەر دەستوورەکەیان ئەنجامبدەن، ئەم جەنگە لەئەبعادی گەورەتریدا ڕەسمییەت پێدەدەن. جەنگێك کەئاگرەکەی زۆر زیاتر لەکارەساتەکانی ئێستا دەخولقێنێت وناوچەکەش لەگەڵ خۆیدا دەسووتێنێت.

لەدرێژەدا ڕۆژنامەی ئاسۆ دەربارەی تەوژمی نارەزایەتی جەماوەری لەدژی گەندەڵیی وسەرتاپای دەسەڵاتەکەیان پرسیاری ئاراستە دەکات، وە بەدیاریکراویش باسی خۆپیشاندانەکەی کەلار دەپرسێت، کەچی تاڵەبانی باسی گەشەکردنی دیموکراسی دەکات لەکوردستان! ئەو دیموکراسییەش بەوە لەقەڵەم دەدات کەبەینی نێوان یەکێتی وپارتی باشبووە. "دەڵێت: (ئەوەنییە "کاك مەسعود بەرزانی" هەڵبژێردراوە بەسەرۆکی هەرێم وخۆشی وحیزبەکەشی دیفاع لەمافی حیزبەکانی تر ویەکێتی نیشتمانی دەکەن! ئەوە گەشەکردنی دیموکراسییە نەك بەرەو پاشچوون!). ئەم قسەیە ڕاستە! چونکە چەند ڕۆژ بەرلەئێستا مەسعود بەرزانی سویندی خواردبوو، کەلەمەودوا بەیەك چاو سەیری خەڵکی کوردستان دەکات!! تاڵەبانی وسەرانی تری بزووتنەوەی کوردایەتی خۆیان وحیزب ودارودەستەکانیان و ووردەئەحزابی دیکەی ئەڵقەلەگوێی، خۆیان بەنوێنەری موتڵەقی خەڵکی کوردستان دەدەنە قەڵەم. وەمەرام وبەرژەوەندی کۆنەپەرستانەشیان بەماف وخواستی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان دادەنێن وقسەی لەبارەوەدەکەن. ئەوان دەیانەوێ، وەواش بیردەکەنەوە کەخەڵکی کوردستان تائیفەیەکن لەقەدپاڵی بەرلەمێژوودا ژیان بەسەردەبەن، نەك سەردەمی ئێستا! ئەم تائیفەیەش ڕیشسپیەکەی بڕیاردەر وبڕیاربەدەست وهەمەکارەیە! بەڕاستی ئەم بێڕێزیکردنە بەئایندە وئیرادە وخواست وماف وهیوا وئاواتی ئەم خەڵکە لەپای چیدایە!؟ دوای زیاد لە50 ساڵ شەڕ وکوشتار ودەربەدەری وپلەدوویی وئیلحاقی ئیجباری وئەنفال وکیمیابارانکردن، کەبزووتنەوەی کوردایەتی ساڵانێکە سات وسەودای پێوەدەکات، ئەمەبوو بەڵێنی ئەو بەهەشتە کوردەوارییەی بەخەڵکتان دەدا!؟ دواتر سەبارەت بەخواستی ئاو وکارەبای خەڵکی کەلار تاڵەبانی دەڵێت،"ئێ کارەبا نییە چیبکەین. بەرهەمی کارەبا هەر ئەوەندەیە. بۆنموونە شارێکی وەکو بەغدا ڕۆژی 4سەعات کارەبای هەیە. خۆناتوانم لەگیرفانی خۆم کارەبا دەربهێنم"! لەولاتر دەڵێت، "لەکاتێکدا کەدەبێ کەموکورتییە حیزبی وحکومییەکان بەپەلە چارەسەر بکرێن وڕوونکردنەوە وپیشاندانی ڕاستییەکان بۆ جەماوەر بخەینەڕوو، دەبێ بەتووندی بچینەوە بەگژ ئەو گێرەشێوێنانەی داخوازیەکانی خەڵك دەشێوێنن ولەجیاتی ئەوەی بەخۆشی وئاشتی بێت، تێکی دەدەن وپەلاماری دەزگاکانی دەوڵەت دەدەن.."! ئەم بەهەشتە مەوعودەتان پیرۆزی خۆتان! خەڵکی کوردستان ژیانی ئەمرۆژییان دەوێت. ئەم موزەخرەفاتە بۆ خۆتان هەڵگرن. خەڵك بەدەست چەتەیی وگەندەڵیی دەسەڵاتتانەوە هەراسانبووە. کوردایەتی مادام دوای 15ساڵ دەسەڵات وئێستاش وەستانی سەرانی لەبەرزترین پلەی دەسەڵاتی حکومەتی تەوافوقیتان، نەتوانێت ئاوی خواردنەوە وکارەبا وسووتەمەنی بۆ خەڵك دابین بکات، بۆ تێهەڵدان باشە! وەعدە وبەڵێنتان بەپوولێك. تۆ لەکاتێکدا بەخەڵکی کەلار دەڵێیت گێرەشێوێن، کەهەقانییەت وڕەوایی خواستەکانیان لەئاستی سەرتاسەریدا هەمەگیردەبێت، و وەزیر وگزیرەکانی ناوخۆت دانیانناوە بەتاوانی تەقەکردنیان لەخەڵکی نارازی کەلاردا. ئەمە بەڵگەی ئەو حوکمە مەشهورەیە لەسەر تاڵەبانی کەدەڵێ، بەدوای هەر سەفەرێکیدا جەنگێکی ناوخۆ یاکارەساتێکی بەشوێنەوە دەبێت! فەرقەکەی ئەوەیە ئەمجارە لەگەڕانەوەیدا لەسەفەر، بەنهێنیش نا بەئاشکرا هەڕەشە وگوڕەشە لەخەڵکی کەلار دەکات. تۆمەتێك کەوەزیری ناوخۆی حکومەتەکەی قبوڵیکردووە کەخۆی وهێزەکانی تاوانبار وئاژاوەچێتیان کردووە، تاڵەبانی بەشێوەیەکی ڕەشۆکی وقەرەقۆشی ئەیخاتەپاڵ خەڵکی بەشەرەفی کەلار، بۆئەوەی

ڕێگاخۆشکات بۆ پەلاماردانیان. بەشوێن ئەم تەسریحاتانەی تاڵەبانیدا بووکەچەند ڕۆژ بەرلەئێستا داویەتی، ئاسایشی سلێمانی پەلاماری بەعس ئاسای بردە سەر (زمناکۆ عەزیز) نوێنەری دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی خەڵکی شاری سلێمانی، دوای تەواوبوونی کاری مێزکتێب بۆ کۆکردنەوەی ئیمزای پشتیوانی بۆ بانگەوازی خۆپیشاندانی شاری سلیمانی لەپێناوی مافەکانیاندا، ودەسگیریان کرد وبەشێوەیەکی هیستریکی سوکایەتی وقسەی نابەجێیان پێووت. بەڵێ، ئەمەیە ئەو دیموکراسییەی کەتاڵەبانی دەڵێت لەکوردستان گەشەی کردووە! وەڵامی بەرزکردنەوەی داوای ئاو وکارەبا لەمەملەکەتی دیموکراتی تاڵەبانیدا بەتەقەکردن، هێشتا کەمە. دەبێ توندتر لەمەش وەڵامی خەڵك بدرێتەوە. دەبێت ڕابەران وهەڵسووڕاوانی خەباتی جەماوەری لەزیندان توندبکرێن بۆئەوەی کەس جورئەت نەکات دەنگ بەرزکاتەوە! ئەمەبوو پەیامی تاڵەبانی بۆ خەڵکی ئەنفالکراوی کەلار وگەرمیان. بەڵام گەندەڵی لەتاڵەبانی وبەرزانییەوە سەرچاوەی گرتووە. نابینن خۆی چۆن دەدوێت! چارەسەریشی تەنها هاتنەمەیدانی خەڵکە. ئەگەر تاڵەبانی لەم سەفەرەیدا بەلووتکەی ئاواتی خۆی گەشتووە و لەکۆشکی سپی خۆی بینیوەتەوە و بەهەرچوارپەل ملکەچی خۆی بۆ ئەمریکا نوێکردبێتەوە، کاسەی سەبری خەڵکیش لێواولێوبووە لەم بارودۆخەی کەبەهۆی دەسەڵاتی ئەم تاڵانچییانەوە بۆیان خولقاوە، وە بەدڵ و بەگیان ئاواتیان پاککردنەوەی گەندەڵییە لەکوردستان. ئەم کارەش بەبێ تووڕهەڵدانی وەهمی کوردایەتی وداگرتنی تەختی فیرعەونیی ئەم سەرۆك خێڵانە ممکین نابێت! چوارچێوەی ئەو بزووتنەوە وبەدیلەش ئەو حیزبەیە کە (زمناکۆ عەزیز) ئەندامی مەکتەبی سیاسییەتی. هەڕەشە وگوڕەشە وگرتن وتۆقاندن زۆر بڕناکات وتەمەنی کورتە چەند توندیش بێت. بۆتان باشترە سەر بۆ ویست وئیرادەی خەڵکی کوردستان دانەوێنن. وەرێزبگرن لەئازادی هەڵسووڕانی سیاسی!